KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
18-7-2007 23:53 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لە بەر ئەوەی عەلی حەسەن مەجید مەردە حەزدەکەم لە هەڵەبجە بکرێتە پەتا. ... حەمە کاکەڕەش

سوید

عومەراغای سورچی لە دیداری ڕۆژنامەی میدیای ژمارە 298دەڵێت: عەلی حەسەن مەجید زۆر مەرد بوو و هی ئەوە نییە ئیعدامی کەن. ئەم قسەیەی عومەراغای سورچی هێندە سووك و هیچ و بەتاڵ و بێبایەخە ئەوە ناهێنێت کە لەسەری بڕۆین و کاتی خۆمانی پێبکوژین.




بەلام ئەم قسەیە ڕامدەکێشێت بۆ ئەوەی کە یەك دوو قسە لەسەر ئەوەبکەم کە ماوەیەکە چەند نووسەرێکی بەڕێز لە پەنای ڕۆحی لێبوردەیی و کولتووری لێبوردەیی و ئینسان دۆستی و... ئەم قەڵەمانە ئاوا قسەدەکەن کە کورد قوربانییەو نابێت ببێتە جەللاد. من نازانم ئەگەر تاوانبارو جەللادێکی وەك عەلی حەسەن کیمیایی لە هەڵەبجە لە سێدارەبدرێت و بە سزای خۆی بگات بۆ دەبێت کورد ببێتە جەللاد؟. هەمووومان دەزانین دوای چەند ساڵ هێشتا کارێك نەکراوە بۆ ئەوەی دانیشتوانی هەڵەبجە و کەس و کاری پاشماوەی ئەنفالەکان هەناسەیەك ئاسوودەبن و کەمێك ڕۆحی بریندارو پرئازاریان ئارامبێتەوە بۆ دەبێت لە وەیش بیبەشیان بکەین، کە دەزانین بە لە سێدارەدانی عەلی کیمیایی لە هەڵەبجە هیچ نەبێت هەست بەوە دەکەن کە ئەو جەللادەی شارێکی وێرانکردوو کۆڵانەکانی پڕکرد لە شەهیدو بریندارو ئەنفالەکانی سپاردە دۆزەخی بیابان، ئێستا ئەو جەللادە بە سزای خۆی دەگات و ئیتر دەنیشتووانی هەڵەبجەو پاشماوەی ئەنفالەکان ئەو هەستی خۆبەکەم زانین و بێکەسییەیان لە لا نامێنێت و هەست بە بوونی خۆیان دەکەن و نیگاکانیان پڕنابێت لە ڕوانینی کەساسانە. لە کۆتایدا ئەوە دەڵیم قسەی ئەو نووسەرانەی کە شیوەن بۆ لە سێدارەی عەلی کیمیایی دەکەن وەك ئەو قسەیەی عومەراغای سوورچی وایە. کە دەڵێت: عەلی حەسەن مەجید زۆر مەرد بوو و هی ئەوە نییە ئیعدامی کەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.